# پەروەردگاری بەرز وپیرۆزمان هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«پەروەردگاری بەرز وپیرۆزمان هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، ودەفەرموێت: «کێ لێم دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە؟ کێ داوام لێدەکات بۆ ئەوەی پێی ببەخشم؟ «کێ داوای لێخۆشبوونم لێدەکات بۆ ئەوەی لێی خۆش ببم؟».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە -تبارك وتعالى- هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، وئامۆژگاری بەندەکانی دەکات بۆئەوەی نزا بکەن ولێی بپاڕێنەوە، ووەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لێی دەپاڕێنەوە، وهەروەها ئامۆژگاریان دەکات ؛ داوای ئەو شتانەی لێبکەن کە دەیانەوێت بۆیان جێبەجێ بێت، چونکە ئەو دەبەخشێت بە ئەوەی داوا دەکات، وهەروەها هانیان دەدات بۆئەوەی داوای لێخۆشبوون بکەن لە گوناهەکانیان چونکە ئەو زاتە میهرەبانە لە بەندە ئیماندارەکانی خۆشدەبێت ئەگەر لێی بپاڕێنەوە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10412

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee